چوار کۆچبەر لە دوورگەی لیسپۆسی یۆنان خنکان لەکاتی هەوڵی کۆچکردنیان

پاسەوانانی کەناراوەکانی یۆنان ڕۆژی دووشەممە (2023/8/28) ڕایگەیاند، "چوار کۆچبەر لە دوورگەی لیسپۆسی یۆنان خنکاون لە کاتێکدا هەوڵیان دەدا لە دەریای تورکیاوە بپەڕنەوە"، وتیشی: 18 کۆچبەری دیکەیان ڕزگارکردووە، هەروەها پاسەوانانی کەناراوەکان وردەکاری زیاتریان نەدا لەبارەی ڕووداوەکە.

یۆنان یەکێکە لە خاڵە سەرەکییەکانی چوونە ناو یەکێتیی ئەوروپا بە ئەو کۆچبەر و پەنابەرانەی کە لە هەژاری و ململانێکانی چەند وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ئاسیا تێدەپەڕن.

بەپێی داتاکانی کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR)، لەمساڵدا زیاتر لە 15 هەزار و 600 کەس گەیشتوونەتە یۆنان و ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی 12 هەزاریان بە دەریا گەیشتوونەتە یۆنان.

شایەنی باسە کە لە مانگی حوزەیراندا سەدان کەس لە ئاوی نێودەوڵەتی یۆنان خنکان دوای ئەوەی کەشتیێکی ماسی گرتن کە لە لیبیاوە بەرەو ئیتاڵیا بڕۆکەوتبوون وەرگەڕا.